# منی نوێ

**شیعری بەکر ئەحمەد**

**ناو: شەست و چوار, سفر, شەش, هەژدە, شەست و هەشت, سفر, هەشت.**

**ژمارەی خانوو: سەد و هەشتا و چوار.**

**ژمارەی پۆستی گەڕەک: چوار سەد و سی و شەش, سی و پێنج.**

**ژمارەی تەلەفۆن: سفر, سی و یەک, بیست و هەشت, هەشتا و سێ, پەنجا و نۆ.**

**ژمارەی تەلەفۆنی سەرکار: سفر, سی ویەک, هەشتا, چوار سەد و بیست و یەک.**

**کۆدی دەرگای کارخانە: نەوەد و هەشت, سفر, دوانزە.**

**کۆدی دەرگای ئاپارتمان: سیانزە, چواردە.**

**کۆدی جلشۆرگەی گشتی گەڕەک: یانزە, شانزە.**

**ژمارەی پاسی هاتوچۆ: نەوەد و چوار, سەد و هەشتا و سێ, حەفتاو دوو.**

**ژمارەی پاسی هاتوچۆ دوای دوانزەی شەو: سی و سێ, هەشتا و سێ.**

**ژمارەی حسابی بانک: سفر, دوانزە, چل و پێنج, هەشتا و نۆ, شەست و سێ.**

**کاتی خەوتن: بیست و دوو.**

**کاتی هەستان: شەش و سی.**

**کاتی کار: هەشت.**

**کاتی دانیشتن لەگەڵ شیعرا....**

**کاتی پشوو: لە ناو ئاپۆڕەی باڕێکدا و**

**سەرخۆشێکی ڕێگای ماڵەوە لێ وونبوو.**

19.10.1997